# هەڵبژاردنەکانی سەرەک کۆمار لە فینلاند، پەند و ئەزموون.

سەفین محەممەد

**یەکەم خوڵی هەڵبژاردنی سەرەک کۆماری لەفینلاند بە بەشداری ٨ پاڵێوراو کۆتایی هات و خولی دوەمیش لە دەنگدانی پێشوەخت دەستی پێکرد و لە کێبەرکێی ٢ پاڵێوراوی براوەی خولی یەکەم بە جۆرێکی تازە کۆتایی هات!**




پاڵێوراوانی سەرەک کۆماری

**دوای تەواوبوونی خولی یەکەمی دەنگدانی سەرەک کۆماری لە فینلاند بە بەشداری ٨ پاڵێوراوی ٨ پارتی سیاسی خۆیان کاندید کرد و ٢٠١٢/١/٢٢ پێشبرکێی کاندیدەکان بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرەک کۆماری بەگەرمی دەستی پێکرد و هەر کاندیدێک بە هاوکاری پارت و لایەگرانی کەمپینەکانی ڕاگەیاندنی خۆیان گەرمتردەکرد. کاندیدەکان ٨ دانە بوون و هەریەکەیان پارتەکەی خۆیان لەپشتەوە بوو. لەبەر ئەوەی هیچ پاڵێوراوێک لە خولی یەکەم نەیتوانی زیاتی لە ٥٠ %ی کۆی دەنگەکان بەدست بێنێت بۆیە خولی دووەم لە ٢٠١٢/٢/٥ بەبەشداری دوو لە پاڵێوراوەکان کە لەخولی یەکەم زۆرتین دەنگیان بەدەست هێنابوو بەڕێوە چوو.**

**جۆری ڕیکلامکردنەکان بۆ کاندیدەکان دوو بەش بوون. بەشی یەکەمیان ئەو ڕیکلامانە بوون کە لەلایەن دەزگا تەلەفزیۆنی یەکانی دەوڵەت ڕێک دەخرا لە جۆری پێشبرکێ بۆ ناسینن و دەرخستنی تواناى کەسێتی و زانیاری و ڕکابەرایەتی بەرامبەر ڕکابەرەکانیان. دیارە جگە لەوەی کەسی زۆر بەتوانا لەبواری ڕاگەیاندنەکان بەشداری یان لە ڕێکخستنی گفت و گۆکان دەکرد لەهەمان کاتیش جەماوەرێکی زۆر لە ستۆدیۆکان دادەنیشتن یان لەڕێگەی ئەنتەرنێت و فێسبووکەوە بەشداریان دەکرد. دیارە لەم کەمپینانەدا تەنانەت بەرنامەی تایبەتی پێکەنین ئامێزیش ڕێک خرا کە بەشیکی سەرەکی بۆ ناسینی تواناو قەبوڵکردنی نوکتەکردن لەسەر کەسە پاڵێوراوەکان بوو کە لە بەرنامەیەکی تایبەتدا ٣ دانە پاڵێوراو بەشداریان کرد کە یەکێکیان پێککە هاڤیستۆبوو کە بۆ دەورەی دووەمیش پەڕی یەوە و بوو بە تاکە ڕکابەری ساوڵی نینۆستۆی باڵی ڕاست(پارتی پارێزگاران).**

**بەشی دووەم لە ڕاگەیاندنەکانیش ئەو کەپینانە بوون کە کە ڕۆژنامە ئەلەکرۆنی و کاغەزی یەکان و تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان بەڕێوەیان دەبرد. دیارە بەشی شێر بەر ئەو نوێنەرانە دەکەوت کە کەتوانای زۆری ئابووری و پارت و کەسە دەوڵەمەندەکانیان لەپشتە بۆ ڕیکلام کردن بۆ خۆیان. بەشیکی تریش لە جۆری ریکلام کردنی پاڵێوراوان گەڕانیان بوو بۆ شار و شوێنە تایبەتەکان، ڕێکخستن و بەشداری لە کۆنسێرت، بانگەواز بۆچوونە بواری وەرزش. خاڵێکی تر ئەوەبوو کە تەلەفزیۆنی ئولێ ١ لە چاوپێکەوتنێکدا ٤ کەسی شارەزای ڕووسیان بانگ کردبوو بۆ گفتوگۆ و لەکۆتاییشدا ئەم ٤ کەسە ٨ لەسەر ١٠ یان دا بە نینیستۆ کە پاڵێوراوی پارتی تەجرەبەیە و ٧،٥ لە ١٠یان دا بە پێککە هاڤیستۆ کا پاڵێوراوی پارتی سەوزە و بەڵگەکەشیان ئەوەبوو کە هاڤیستۆ ڕێکخراوە جەماوەری یەکانی ڕووسیا باشتر دەناسێت لە بەرپرسانی کرملین!**

**باسە سەرەکییەکان کە دەوروژێنران بۆ پێشبرکێ ی سەرۆک کۆماری هەمیشە زیاد دەبوون و مێدیاش بە دوای خاڵی جیاوازی تێڕوانینەکان دەگەڕا لەوانەش سیاسەتی دەرە، تێڕوانینی سەرەک کۆماری داهاتوو بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆخی جیهانی بۆ نموونە تەنگژەی ئابووری جیهانی و ناوچەی ئیۆر و تێڕوانین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵی، تێڕوانین بۆجیرانەکان بۆ نموونە گەشەی ئابووری و سەربازی ڕووسیای تازە و هەڵسانەوەی سەرلەنوێ ی ئەگەری بوونە هەڕەشە مەترسی بۆسەر فینلاند، چۆنیەتی تێڕوانین بۆ خەڵکی بەڕەگەز وڵاتانی تر و هەمە کولتووره و و کەمایەتی یەکان، ڕاسیسزم، چۆنیەتی سەیرکردنی کێشەی بەڕەسمی ناسینی زەواجی هاوڕەگەزەکان ، هتد.**

**شێوەی بەڕیەچوونی دەنگدان: بۆ دەرەی وڵاتی فینلاند ڕێوشوێنی تایبەت و دەنگدانی پێشوەختە دیاری کرابوو. هەمان دەنگدانی پێشوەختە لەناوخۆی فینلاندیش ڕێک خراو بنکەکاکنی دەنگدان بە بێ بوونی پۆلیس و بەڕێوەبردنی بنکەکان لەلایەن تیمی تایبەت بە هەڵبژاردن ڕێک خرابوون. تیمی تایبەت بۆ ئەو شوێنانەش نێردرا کە دەنگدەران بۆیان نەدەکرا خۆیان برۆن بۆ دەنگدان لەوانەش شوێنی بەخێوکردنی پیر و نەخۆشە درێژخایەنەکان کە لەنەخۆشخانە ژیان بەسەر دەبەن. لەبنکەکانیش بە تەواوی شوێنی دەنگدان وا ڕێکخرابوو کە دەگدەران بەوپەڕی ئازادی دەنگ بدەن. کارتی تایبەتیش بە دوو زمانی فەرمی فینلاندی و سویدی نوسرابوو بە هاوشیوەی ئەم وێنەی خوارەوە.**

## ساوڵی نینیستۆ و پێککە هاڤیستۆ بەرەو خولی دووەمی ڕکابەری بۆ سەرەک کۆماری.

**ستیۆدیۆی تەلەفزیۆنی ئا بە لێکۆڵینەوەکانی ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە چۆن ساوڵی نینیستۆ لە خولی یەکەم زۆرتین دەنگی بەدەست هێنا و چۆن پێککە هاڤیستۆش توانی بپەڕێتەوە بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن. لە خولی یەکەمی هەلبژاردندا ساوڵی نینیستۆ ٤٤ % دەنگەکانی بەدەست کە ژمارەی دەنگەکانی ١٣٥٥٢٤٢بوو کە پێویستی بە ٥١% بوو بۆئەوەی سەرکەوێت بۆ کورسی سەرەک کۆماری. پێککە هاڤیستۆ دووەم دەنگی بەدەست هێنا کە ڕێژەی ١٨،٨ % کە ژمارەی دەنگەکانی لە ٣٣٦ شارو شارۆچکە کە زۆربەی دەنگەکان لەو شارانە بوون کە زانکۆیان تیایە یان نزیکن لە و شارانەی زانکۆیان تیادایە.**

خاڵێکی سەرنجڕاکێش بۆ ناسینی ئەم دوو پاڵێوراوەی بۆ خولی دووەمی سەرەک کۆماری خودی دەنگدەران و شوێنی ژیانی دەنگدەرانن بۆ ناسینی جێیێ ی کۆمەڵایەتیان بۆ نموونە ئەوکەسەناسراوانەی کە ڕاشکاوانە ڕایان گەیاندووە بۆ نموونە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پاپ و پیاوانی ئاینی و پارتی پۆپۆلیستی ڕاسترەو و ئەندام پەرلەمانتارە ڕاسترەوەکان ڕایان گەیاندووە کە دەنگ بە ساوڵی نینیستۆ بدەن.

بە پێچەوانەی ئەمەی یەکەم پێککە هاڤیستۆ پاڵێوراوی پارتی سەوز زۆربەی لایەنگرانی تیپی لاوان لە نێوان (١٨ - ٣٠) ساڵن، چەند پاپیکی ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری بۆنموونە یەکەمین پاپی ساڵی ٢٠١١ی هەڵبژێردراو، هونەرمەندان و موسیقارەکان. زۆربەی دەنگدەرانی پێککە لە شارەکان و دەوروبەری ئەو شارانەی کە زانکۆکانیان تیایە. خەڵکی بەڕەچەڵەک نافینلاندی و لایەگرانی هەمەکولتوورە و و کەمایەتی یەکان بوون.هاڤیستۆ لە هێلسینکی (پایتەختی فینلاند) توانی نیوەی دەنگەکان بە دەست بێنێت و لە ئەهڤێنانما کە دەکەوێتە نیوان فیینلاند و سوید و زمانی فەرمیش سویدی یە ٦٠%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

لەدەورەی دووەم کە ٢٠١٢/٢/٥ دوایین ڕۆژی دەنگدان بوو، زیاتر ئەوەی نیشانداندا کە چەندە ژیانی هۆمۆ و لێسپۆکان بۆتە مەسەلەیەکی بەتەواوی کەسی و چیتر بەرزی ئاستی کەسێتی مرۆڤ بەوە حساب ناکرێت کە ئایا هاوسەرەی هاوڕەگەزە یان ڕەگەزی ترە! دیارە هاوشێوەی ئەوە لە هەندێک لە وڵاتانی تردا لەوەیە ژن بۆ نەبێت خۆی کاندید بکات بۆ ئەندام پەرلەمانی یان بۆ پلەی وەزیری یانەکە سەرەک کۆماری. لە فینلاند جاران هەموو بەیەکەوەژیانێکی ئافرەت و پیاوێک لە دەرەوەی هاوسەرگیری فەرمی لە دادگا بەکەم سەیر دەکرا و بەو جووتە لە هاوسەری مەدەنی یان دەگووت جووتەگورگ! و ئیستاش ئەمە بەتەواوی نۆڕمال سەیر دەکرێت و هەندێ جار بە شۆخیکردنەوەوە کەسانێک دهلێن ئێمە جووتە گورگین!

## پێناسەیەکی کورت بۆ دوو پاڵێوروای خولی دووەمی هەڵبژاردن:

### ١- پێککە ئۆلاڤی هاڤیستۆ: پاڵێوراوی پارتی سەوز.

لەبەرواری ١٩٥٨ لە هێلسینکی لەدایک بووە. یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٧ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی بەدەرکەوت. لە دوای دەرکەوتنی لە گفت و گۆی هەڵبژاردن توانی بە بەستهێنانی زیاتر لە ٣٠٠٠ دەنگ ببێت بە ئەندام پەرلەمان. لە ساڵی ١٩٩٥ نەی توانی جاری دووەم دەنگی پێویست بێنێت و ببێتەوە ئەندام پەرلەمان. هەرچەند قسەکەری یەکەمی پارتی سەوزیش بوو بەڵام لە حکومەتی پاڤۆ لیپپۆنێنی سۆسیال دیموکرات کرا بە وەزیری ژینگە و کاری گەشەکردن. ساڵی ١٩٩٩ هەوڵی دا ببێت بە جێگری ئەننێ سینێمەکی هاوڕێی. دواتر گوازرایەوە بۆ خزمەتگوزاری نەتەوەیەکگرتووەکان کە ڕۆڵی ئەو ناوبژیوانێک بوو بۆ کێشە جیهانی یەکان. دواتر وەکو نوێنەری تایبەتی  یەکێتی ئەورووپا بۆ چارەکردنی کێشەکانی سودان و ئیمزاکردنی پەیماننامەی دەرفور بەشداری کرد و لەمانگی ٤ی ٢٠٠٧ کارەکەی تەواوبوو.

لە باری کەسێتی هاوسەری لەگەڵ پیاوێکی تر بەسەردەبات کە بەڕەچەڵەک بیانی یە و ئەمەش خاڵێکی هەستیارە لەوەی کە ڕێگری  یەکی تا ڕادەیەک جدی دروست کرد بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ساوڵی نینیستۆی پاڵێوراوی پارتی کۆکێموس(پارێزگاران). دیارە ئەمە وەرچەرخانێکی مێژوویی یە کە کەسێکی هۆمۆ بتوانێت بگاتە پلەی پێشبڕکێ ی سەرەک کۆماری و لەکۆی ٨ دانە پاڵێوراو ڕێژەی  ١٨،٨ %ی دەنگەکان لەخولی یەکی هەڵبژارن بەدەست بێنێت و لە خولی دووەمیش بگاتە ئاستی ئەوەی ملیۆنێک دەنگ بەدەست بێنێت.

جۆری کەمپینی پێککە زیاتر میدیایی و تازەبوو بۆ نموونە لەڕێگەی فێسبووک کەمپینێکی زۆری بەڕێخست و زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس پشتیوانیان لە کەمپینەکە کرد و بەجۆرێک لە جۆرەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد. شێوەی کلاسیکی ڕیکلامکردن بۆ پێککە ئاسان نەبوو لەبەر باری ئابووری لاوازی بەڵام خۆیشی ڕای گەیاند کە ئەو پشتیوانی لە هەژاران دەکات.

### ٢- ساوڵی نینیستۆ: پاڵێوراوی پارتی تەجرەبە ( پارێزگاران).

ساوڵی نینیستۆ لەدایکبووی ١٩٤٨/٨/٢٤ لە بواری یاسادا ماجستێری هێناوە. لە نێوانن ساڵانی ١٩٩٤ تا ٢٠٠١ سەرۆکی پارتەکەی خۆی بووە. لەساڵیانی ١٩٩٥ تا ١٩٩٦ وەزیری دادبووە. ١٩٩٦ تا ٢٠٠٣ جێگری وەزیری مالیە بووە.  لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٧ جیگگری بانگی ئەورووپا بۆ کەڵەکەی سەرماە بووە.

شەش ساڵ بەر لەئیستا ساوڵی نینیستۆی پاڵێوراوی پارتی تەجرەبە(پارتی پارێزگاران) یەکەم ڕکابەری پاڵێوراوی بەڕەگەز مێینەی و پارتی سۆسیال دیموکرات بوو و ئەو کات پارتی تەجرەبە ئەمەیان بە سەرکەوتنی خۆیان دەزانی هەرچەند لەبەرامبەر تاریە هاڵۆنێندا دۆڕاندی. ئەمساڵیش لە ٥ / ٢/ ٢٠١٢ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و مانگی ٣ ی ئەمساڵ ماڵ دەگوازێتەوە بۆ کۆشکی سەرەک کۆماری و سەرۆکی پێشوو ماڵی دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر.

لە کۆی گشتی دەنگدەران کە ڕێژەی ٦٨،٨ % بوو ساوڵی نینیستۆ ٦٢،٦ %ی دەنگەکانی بەدەست هێنا کە دەکاتە ١٨٠٢٣٢٨دەنگ و پێککە هاڤیستۆش ٣٧،٤ %ی دەنگەکانی بەدەست هێنا کە دەکاتە ١٠٧٧٤٢٥ دەنگ. ئەو ناوچانەی کە ژمارەیەکی زۆری بەڕەچەڵەک بیانی تیادا دەژین یان کەمایەتییەکانی ئەم لە جۆری سویدی زمانەکان بۆ نموونە پایتەختی وڵات، ئەهڤێنانما، ناوچەی تازەوڵات و زۆرێکی تر لە ناوچەکانی هەڵبژاردن ئەوەمان بۆ نیشاند دەکات کە چۆن دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بیر دەکەنەوە ڕۆڵی بەڕەچەڵەک بیانی و کەمایەتی یەکانی وەک سویدی زمانەکان چۆن ڕۆڵی خۆیان بینی بۆ بەدەستهێنانی  دەنگی زیاتر پیککە هاڤیستۆ کە بانگەشەی بەیەکەو ژیان و ڕێزگرتن لەمافی کەمایەتی یەکانی دەکرت.

بەپێی ڕای گشتی لێکۆڵەرەوەکان و کەسانی سیاسی ئەم هەڵبژاردنە سەرەتایەکی تازەیە بۆ گۆڕین فینلاند و ئەگەر تا ئیستا ڕای گشتی دەنگی بە نوێنەرانی پاڵێوراوی ٣ پارتە زەبهلاحەکەی سوسیال دیموکرات و پارتی ناوەڕاست و باتری تەجرەبە گۆڕا بەوەی کۆمەڵگای فینلاند چیتر دەنگ بە پارتەکان نادات بەڵکو بە ئەو بانگەشانەدەدات کە پاڵێوراوەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. سەرکەوتنی پێککە هاڤیستۆ بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن و دواتریش کە لەباری کەسێتی پیاویکی هۆمۆیە تا ڕادەیەکی کەم توانی ڕێگری لە سەرکەوتنی بکات بۆ سەرەک کۆماری بەڵام هێنانی زیاتر لە یەک ملیۆن دەنگ نیشانەی گۆڕانێکی جۆری تازەیە لەم کۆمەڵگایە.

لەلاکەی ترەوە  ڕاگەیاندنی  پشتیوانیکردن لە کەمپینی نینیستۆ لەلایەن پاپ و پیاوانی ئاینی و پاڵێوراوی پارتی پۆپۆلیستی بە ڕەچەڵەک فینلاندیەکان و هەندێک پەرلەمانتاری باڵی ڕاست ئەهوەیان نیشاندا کە چۆن لەپشتی باڵی ڕاست دەوەستنەوە. سەرباری ئەمانەش نینیستۆ  ٦ ساڵ بەر لەئیستا لەپێشبڕکێ ی سەرەک کۆماری دووەم دەنگی بەدەس هینا و تەجرەبەیەکی زۆری هەبوو لە چۆنیەتی کەمپینکردن بۆ سەرکەوتنی.

پێگەی پێککە هاڤیستۆ زیاتر لاوان بوون و نەوەی داهاتووش پێک دێنن کە نیشانەی باشن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتو و هێمای ئیجابین بۆ کۆمەڵگا و دیارە ژمارەی بەڕەچەڵەک بیانیان تا دێت لە زیادبوونن و ئەو ژمارە زۆرەی بڕەچەڵەک بیانین و هێشتا مافی دەنگدانیان نی یە تا ٦ ساڵی تر ناسنامەی فینلاندی بە دەست دێنن و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەتوانن ڕۆڵی زیاتر ببینن و تەجرەبەیەکی تازەشە بۆ پاڵێوراوان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرەک کۆماری کە بتوانن پشتیوانی لە مافی کەمایەتی یەکانی کۆمەڵگا بکەن.

**کۆی دەنگەکان بەپێ ی پێشبینیکردنەکان و دواتریش ڕۆژی هەڵبژاردن بەپێ ی ناوچەکان لە خولی دووەمی هەڵبژاردن:**

**هێلسینکی ( پایتەختی فینلاند )**

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 80 792 | 45,8 | 93 582 | 54,6 | 174 374 | 50,1 | Sauli Niinistö |
| 95 755 | 54,2 | 77 880 | 45,4 | 173 635 | 49,9 | Pekka Haavisto |

**ناوچەی تازە وڵات**

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 159 204 | 59,2 | 159 025 | 65,4 | 318 229 | 62,2 | Sauli Niinistö |
| 109 638 | 40,8 | 84 069 | 34,6 | 193 707 | 37,8 | Pekka Haavisto |

**ڤارسینایینێن سوۆمی**

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 74 556 | 60,2 | 88 375 | 65,0 | 162 931 | 62,7 | Sauli Niinistö |
| 49 189 | 39,8 | 47 571 | 35,0 | 96 760 | 37,3 | Pekka Haavisto |

**سەتاکونتە:**

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 32 440 | 65,1 | 50 161 | 69,7 | 82 601 | 67,8 | Sauli Niinistö |
| 17 404 | 34,9 | 21 803 | 30,3 | 39 207 | 32,2 | Pekka Haavisto |

**ئەهڤێنانما:**

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 555 | 61,3 | 2 521 | 57,7 | 7 076 | 60,0 | Pekka Haavisto |
| 2 878 | 38,7 | 1 849 | 42,3 | 4 727 | 40,0 | Sauli Niinistö |

هەمێ:

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 55 988 | 62,5 | 77 321 | 67,8 | 133 309 | 65,5 | Sauli Niinistö |
| 33 569 | 37,5 | 36 695 | 32,2 | 70 264 | 34,5 | Pekka Haavisto |

پیرکەنما:

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 69 656 | 59,6 | 100 494 | 65,0 | 170 150 | 62,6 | Sauli Niinistö |
| 47 219 | 40,4 | 54 224 | 35,0 | 101 443 | 37,4 | Pekka Haavisto |

کومی:

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 47 832 | 63,1 | 63 903 | 70,1 | 111 735 | 66,9 | Sauli Niinistö |
| 27 972 | 36,9 | 27 311 | 29,9 | 55 283 | 33,1 | Pekka Haavisto |

باشووری ساڤۆ:

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 21 300 | 65,4 | 35 124 | 71,6 | 56 424 | 69,1 | Sauli Niinistö |
| 11 288 | 34,6 | 13 940 | 28,4 | 25 228 | 30,9 | Pekka Haavisto |

باکووری ساڤۆ:

| ڕۆژی هەڵبژاردن | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | پاڵێوراو |
| 32 137 | 60,2 | 47 293 | 66,4 | 79 430 | 63,7 | Sauli Niinistö |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Pekka Haavisto | 36,3 | 45 206 | 33,6 | 23 919 | 39,8 | 21 287 |

**باکووری کاریاڵا:**

| | کۆی گشتی | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | ڕۆژی هەڵبژاردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵێوراو | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان |
| Sauli Niinistö | 63,5 | 52 579 | 65,8 | 32 645 | 60,1 | 19 934 |
| Pekka Haavisto | 36,5 | 30 242 | 34,2 | 16 984 | 39,9 | 13 258 |

**ڤاسا:**

| | کۆی گشتی | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | ڕۆژی هەڵبژاردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵێوراو | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان |
| Sauli Niinistö | 72,3 | 165 107 | 75,4 | 86 445 | 69,2 | 78 662 |
| Pekka Haavisto | 27,7 | 63 263 | 24,6 | 28 182 | 30,8 | 35 081 |

**ناوەڕاستی فنلاند:**

| | کۆی گشتی | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | ڕۆژی هەڵبژاردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵێوراو | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان |
| Sauli Niinistö | 57,8 | 82 661 | 60,3 | 48 925 | 54,5 | 33 736 |
| Pekka Haavisto | 42,2 | 60 367 | 39,7 | 32 188 | 45,5 | 28 179 |

**ناوچەی ئۆولو:**

| | کۆی گشتی | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | ڕۆژی هەڵبژاردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵێوراو | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان |
| Sauli Niinistö | 64,9 | 151 087 | 66,8 | 88 229 | 62,5 | 62 858 |
| Pekka Haavisto | 35,1 | 81 588 | 33,2 | 43 825 | 37,5 | 37 763 |

**لاپی:**

| | کۆی گشتی | | ڕێژەی چاوەڕوانکراو | | ڕۆژی هەڵبژاردن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵێوراو | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان | ڕێژەی% | دەنگەکان |
| Sauli Niinistö | 62,5 | 56 984 | 64,4 | 37 117 | 59,3 | 19 867 |
| Pekka Haavisto | 37,5 | 34 156 | 35,6 | 20 529 | 40,7 | 13 627 |

**بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەرکەکانی سەرە کۆمار و چۆنیەتی بەڕێوەچوونو کات و شوێنی هەلبژاردن ودەنگدان دەتوانن سەیری ئەم ماڵپەڕە بکەن کە بەشێکی کورتی تەرجەمەی کوردی و زۆرێک لەزمانە جیهانی یەکان کراوە:**

---


**سەرچاوەکان:**

http://www.vaalit.fi/uploads/uici7baortm7c.pdf

http://yle.fi/vaalit/tulospalvelu/2012/presidentinvaali/toinen_vaali/vaalipiirit/satakunta_ehdokkaiden_kannatus_4.html

http://www.presidenttiehdokkaat2012.com/p/paavo-arhinmaki.html


**٢٠١٢\٢\١٢**


haynisafin@hotmail.com